## گەجێتێک مۆبایلەکەت دەکاتە هەستیار بە پەنجەمۆر

پەنجەمۆر شـــێوازێکی گرنگ و ئەمنییەتییە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی شتە گرانبەهاکان، رەنگە باش بزانن پەنجەمۆری هیچ کەسێك لە هی کەسێکی دیکە ناچێت، ئەوەش وایکردووە کە ئامێرەکانی داهاتوو هەستیار بکرێن بە پەنجەمۆر بۆ ئەوەی کە لەکاتی ونبوون یان دزرانیاندا جگە لەخاوەنەکەی کەســـی دیکە نەیکاتەوە. مۆبایلە هۆشـــمەندەکان بەهۆی بچووکیان و زۆرلەبەردەســـتدابوونیان زووتر ون دەبـــن، بۆیە کۆمپانیایەکی هۆنـــگ کۆنگـــی ئامێرێکـــی بەنـــاوی FingerQ بەرهەم هێناوە کە گشـــت مۆبایلێکی ئەندرۆیدی دەکاتە هەستیار بە پەنجەمۆر. ئامێرێکە لە راســـتیدا کەوەرێکـــی مۆبایلە، هەر ئێستا کەوەری ناوبراو بۆ مۆبایلەکانی گەلەکەسی و نۆت2 و ئیچ تی ســـی بەرهەم هاتووە. گەر مۆبایلەکەت لێ دزرا یان ون بـــوو، بە دەرهێنانی کەورەکە گشـــت وێنە و ڤیدیۆییەکانی سەر مۆبایلەکە دەسڕدرێنەوە.




## کتێبخانەی دیجیتالیش لە وزەی خۆر سوود وەردەگرێت




چارلـــی چاپلین گـــەورە ئەکتەری ســـینەمایی کۆمێدی جیهان دەڵێت "گەورەترین ئەڵماســـی جیهان خۆرە کە رووناکییەکەی بێ بەرامبەر بەســـەر هەموو جیهاندا پەخش دەبێتەوە" بەڕاســـت خۆر ئەو ئەڵماسە مەزنەیـــە، بەداهاتنی تەکنەلۆژیای نوێ مەزنییەتی ئەڵماســـەکە زیاتر دەرکەوتووە، ئێســـتا هەوڵ دەدرێت ئامێـــرە دیجیتالییـــەکان بە تیشـــکی خۆر شـــەحن بکرێنەوە، چەند ســـاڵێکە ئامێـــری کتێبخوێندنەوەی دیجیتالی شـــوێنی کتێبـــی کاغـــەزی گرتۆتەوە، هەرچەندە ئەویش پێویستی بە شەحنکردنەوە و باتری هەیە، لـــەم دواییەدا کاوەرێکی کتێبخانەی دیجیتالی ئامـــازۆن واتە کیندڵ فایەر بەرهەم هاتووە کە وزەی خۆی لە خـــۆر وەردەگرێت. ئەو وەزیـــەی کاوەرەکە وەریدەگرێت بۆ رووناککردنەوەی گلۆپی ئامێرەکە لە تاریکیدا گونجاوە. بە شەحنکردنەوەی بەهۆی خۆرەوە چەندین رۆژ دەکرێت کاری پێبکرێت.

کاوەرکە کە بە Solarkindle ناســـراوە دەتوانێت هەتا 50 کاتژمێر وزەی ئامێرەکە دابین بکات.

## کۆمپیوتەرەکانی داهاتوو تەلەڤزیۆنی هۆشمەندن

لـــە داهاتوودا ئامێرەکان لەیـــەك ئامێردا کۆدەکرێنەوە، تەلەڤزیۆن ومۆبایـــل و کۆمپیوتەر...تاد دەبن بەیەك، کۆمپانیای LG هەر لە ئێســـتاوە هەوڵەکانی بۆ ئەم مەبەســـتە چڕ کردۆتەوە، مۆنیتۆر واتە شاشە 29 ئینجی EA92 کە ســـاڵی رابردوو لە پیشـــانگای ساڵانەی IFA نیشاندرا رەنگە زۆر کەس لە یادی بێت، ئەم ساڵیش کۆمپانیای ناوبراو کۆمپیوتەرێکی بێ کەیســـی هەر وەك ئەوەی پێشـــوو بەرهەم هێناوە بە هەندێك تایبەتمەندی دیکەوە.

لەم کۆمپیوتەرە یەکپارچەیەدا سیســـتەمی تەلەڤزیۆنێکی هۆشـــمەندیش داندراوە و بەکارهێنەر دەتوانێت لەیەك کاتدا کە کار لەســـەر کۆمپیوتەر دەکات سەیری تەلەڤزیۆنیش بکات، چونکە شاشەکە ئەوەندە گەورەیە دەبێتە دوو بەش. جگە لەوەش دەکرێت فیلمی HD و تەنانەت 3Dیش سەیر بکەی. هەروەها ئەپلکەیشنێکی ناردنی SMS یش داندراوە کە دەکرێت لەنێوان ئەو کەسانەی ئەو کۆمپیوتەرە بەکار دەهێنن کورتەپەیام بەڕێ بکرێت.



# تەبلێتە سەرنج ڕاکێشەکەی سامسۆنگ دوو سیستەم دەخوێنێتەوە



لەم هەفتەیەدا سامسۆنگ نوێترین بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە کە تەبلێتی جۆری ATIV Q ە، کە لە یەك کاتدا دوو سیستەمی بەگەڕخەری لەسەرە واتە سیستەمی ویندۆز8 و ئەندرۆید، شایانی باسە هەردوو سیستەمەکە لەیەك کاتدا دەکاتەوە. تەبلێتەکە دەکرێت وەك لاپتۆپ و وەك تەبلێت سوودی لێوەربگیردرێت، ئەوکاتەی تەبلێتە کە سیستەمی ئەندرۆید دەخوێنێتەوەو لەوکاتەشدا کە لاپتۆپە ویندۆز8 دەخوێنێتەوە.

تەبلێت لاپتۆپی ATIVQ لە زۆر لایەنەوە وەك Transformer book trio کۆمپانیای ئاسۆس دەچێت. ئەویش پێکەوە دوو سیستەم دەخوێنێتەوە. بەکارهێنەر بەئاسانی تەنیا بەیەك کلیك سیستەمێك بۆ سیستەمێکی دیکە بگۆڕێت. هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی تەبلێت لاپتۆپەکەی سامسۆنگ ئەوانەن: پرۆسیسەری جۆری core i5ی ئەنتەڵی لەسەرە، شاشەکەی 13.3 ئینجە. کوالیتیەکەی لە سەرووی فول ئیچ دییە. کێشەکەی تەنیا 1.29 کیلۆ گرامە. بارستاییەکەی تەنیا 13.9 ملمە. پێنووسی دیجیتالی S-Penی هەیە. کیبۆردی ATIO بە شێوەی سلایدە و لە پشت شاشەکە کۆدەبێتەوە.



# کۆمپیوتەرەکانی داهاتوو تەلەڤزیۆنی هۆشمەندن

لە داهاتوودا ئامێرەکان لەیەك ئامێردا کۆدەکرێنەوە، تەلەڤزیۆن ومۆبایل و کۆمپیوتەر...تاد دەبن بەیەك، کۆمپانیای LG هەر لە ئێستاوە هەوڵەکانی بۆ ئەم مەبەستە چڕ کردۆتەوە، مۆنیتۆر واتە شاشە 29 ئینجی EA92 کە ساڵی رابردوو لە پیشانگای سالانەی IFA نیشاندرا رەنگە زۆر کەس لە یادی بێت، ئەم ساڵیش کۆمپانیای ناوبراو کۆمپیوتەرێکی بێ کەیسی هەر وەك ئەوەی پێشوو بەرهەم هێناوە بە هەندێك تایبەتمەندی دیکەوە.

لەم کۆمپیوتەرە یەکپارچەیەدا سیستەمی تەلەڤزیۆنێکی هۆشمەندیش داندراوە و بەکارهێنەر دەتوانێت لەیەك کاتدا کە کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکات سەیری تەلەڤزیۆنیش بکات، چونکە شاشەکە ئەوەندە گەورەیە دەبێتە دوو بەش. جگە لەوەش دەکرێت فیلمی HD و تەنانەت 3D یش سەیر بکەی. هەروەها ئەپلکەیشنێکی ناردنی SMSیش داندراوە کە دەکرێت لەنێوان ئەو کەسانەی ئەو کۆمپیوتەرە بەکار دەهێنن کورتەپەیام بەڕێ بکرێت.





# نوێترین کاتژمێری هۆشمەندی سۆنی

کۆمپانیای سـۆنی کە کۆمپانیایەکی ژاپۆنییەو مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژیای دیجیتالی، جارێکی دیکە بە بەرهەمهێنانی کاتژمێرێکی دیکەی هۆشمەند هاتە مەیدانەوە. هەرچەندە کاتژمێرەکەی پێشـوو کە بە smartwatch ناسراوە بەوجۆرەی پێویستە وەرنەگیردرا. ئەمجارەیان سۆنی هەوڵیداوە نـەوەی دووەمی ئـەو کاتژمێرە بەرهەم بێنێ کە بەباشـی لەگەڵ مۆبایل یان تەبلێتی سیستەمی ئەندرۆید پەیوەند دەدرێت و دەکرێت ببێتە ریمۆت کۆنترۆڵی ئامێرە ناوبراوەکان.

SmartWatch 2 لە ئەلۆمینۆم دروستکراوە و ژەنگ ناهێنێ و تەواو سـتیلە، کێشـەکەی 23.5 گرامە و ئاوی تێناچێت. شاشەکەی 1.6 ئینجە 200 پرۆگرامی بۆ دادەنرێت بۆ نموونە تویتەر و فەیسبووک، پرۆگرامی تایبەت بە وەرزشی... هەتا 4 رۆژیش شەحنی باترییەکەی دانابەزێت.




# سایتێک سەرنج ڕاکێش تایبەت بە دەستکاری وێنە



پرۆگرامگەلێکـی زۆر هـەن کە ئەرکیان دەسـتکاری کردنی وێنەیە، ئەوانەی شـارەزای بواری گرافیکین رەنگە بزانن پرۆگرامەکانی فۆتۆشۆپ و هاوشـێوەی ئـەو لـە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارەن.

لـەم دواییـەدا بە پەرەسـەندنی ئەنتەرنێت گەلێك سـایتیش هەن کە دەتوانیت بەهۆیەوە دەسـتکاری وێنە و ئەرکەکانـی تایبەت بە وێنە ئەنجام بـدەی، هەر لەم گۆشـەیەدا چەندین سایتی باشمان لەو بوارەدا ناساندووە. سـایتی http://www.pic-nik.com/ یەکێکە لەم سـایتانە، سـایتی پیـك نیك وەك سـایتە هاو شـێوەکانی خـۆی زۆر تایبەتمەندی تێدایـە وەك: بوونی چەندین ئیفێکتی جۆراوجـۆر بـۆ جوانکردنـی وێنە، چوارچێوە و تێکستی جوان، بەڵام بۆ هەندێك لەو خزمەتگوزارییانە پێویست بە تۆمارکردن و ناونووسین هەیە. پاش کردنەوەی سایتەکە ئەم فەرمانە لێبدە Get started now و بـەڵام بەهۆی ئـەوەی خزمەتگوزاری زۆر تێدایە رەنگە درەنگ بکرێتەوە.

# هێدستی تایبەت ئێسکپریا




مۆبایلی هۆشمەندی ئێسکپریا مۆدێلی Z ultra وەك یەکێك لە مۆبایلە سەرکەوتووەکان ناسـراوە، شاشەی مۆبایلەکە لە زۆربەی شاشەی مۆبایلە هۆشمەندەکان گەورەترە، 6.44 ئینجە. گەورەیی شاشـەکەی راستە بۆ سـەیرکردنی فیلم و کردنەوەی لاپەڕەکانی ئینتەرنێت زۆر باشـە، بەڵام بۆ پەیوەندی گرتن شاشەیەکی بەو قەوارەیە سەرنج راکێش نییە، هەربۆیە کۆمپانیای سـۆنی لەو بوارەدا هەوڵیداوە هێدستێکی تایبەت بەو مۆبایلە ئامادە بکات. هێدستی وایەرلەیسی جۆری SBH52 وەك مۆبایلێکی بچووك دەچێت و شاشەیەکی بچووکی هەیە، کە ژمارەی پەیوەندیگرەکە یان ناوی ئەو گۆرانییەی کە لێدەدرێت نیشـان دەدات و تەنانەت دەکرێت بەهۆیەوە سەیری SMSەکانیش بکەی. هێدستەکە وەك مۆبایلەکەی خۆی ئاوی تێناچێت.

# هەموو ئامێرێکی چینی کەم بەها نییە

لەناو بازاڕەکانی جیهاندا بەتایبەتی بازاڕەکانی هەرێم کە باس دێتە سەر ئامێری چینی، زۆر بە بێ بایەخ سەیری دەکەن چونکە کەم بەهان وا هەست دەکرێت کارایییەشان باش نەبێت، بەڵام سمارت فۆنی هواوی ascend p6 کە وەك تەنکترین مۆبایلی جیهان ناسراوە، دەریخست کە بەرهەمەکانی چینی هەر هەرزان بایی نین بەڵکو ستایل و کوالیتی و توانایشیان لەسەریە. پێدەچێت ناوبانگی تەنکترین مۆبایلی جیهان بۆ ئەو مۆبایلە نەمێنێتەوە، چونکە کۆمپانیایەکی دیکەی چینی مۆبایلی جۆری Umeox X5 بەرهەم هێناوە کە تەنکترە لە هی پێشوو. تەنکی سمارت فۆنەکە تەنیا 5.6 ملمە و شاشەکەی 5.3 ئینجە و کامێراکەی 8 میگاپیکسلە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هۆی چییە کاتێك من چوومە دەرەوەی وڵات لەوێ هەرچەندەی ویستم ئیمێلەکەم بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەیدا بەبێ هەڵە یوزەر و پاسۆردەکەم داخیل دەکرد کەچی هەر نەدەکرایەوە؟

خوێنەری بەڕێز ئەم یاسایەی کۆمپانیای یاهوو و چەند کۆمپانیایەکی دیکە بۆ ئەوەیە کە ئەمنییەتی زیاتر بۆ بەکارهێنەرەکەی دابین بکەن، لێرە کە لە هەرێم دەژی هێڵی ئەنتەرنێتەکەت لە سێرڤێرێکە کە جیایە لە سێرڤێری وڵاتێکی دیکە، راستە لە وڵاتێکی دیکە بێ هەڵە پاسۆرد و یوزەرەکەت داخیل دەکەی، بەڵام کۆمپانیا پێیوایە ئەو یوزەر و پاسۆردە دزراوە بۆیە چەندین پرسیاری دیکەت لێدەکات کە ئەگەر پرسیارەکان بە دروستی وەڵام بدەیەوە ئەوە بێ گرفت ئیمێلەکەت دەکرێتەوە.



## سپیکەرێک بۆ کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل

پەیوەندی کردن بە مۆبایل لە ناو سەیارەدا لەگەڵ ئەوەی کە یاسایەکی هاتوچۆت پێشێل کردووە، لە راستیدا گرفتێکیش بۆخۆت لەکاتی ئاژۆتنی ئۆتۆمبێلدا پێکهێناوە، چونکە لەوکاتەی کە خەریك بی بەهۆی مۆبایلەکەتەوە پەیوەندی بگری ناتوانی بەو جۆرەی پێویستە ئۆتۆمبێل لێبخوڕی، ئامێری بلوتوس هەتا رادەیەك ئەو کارەی ئاسان کردۆتەوە. بەڵام سپیکەری جۆری jabra Bluetooth in car speak-erphone شتێکی دیکەیە، بەهۆی ئەو سپیکەرەوە دەتوانی بە ئاسانی پەیوەندییەکان وەڵام بدەیەوە بەبێ ئەوەی کە لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا گرفتێکت بۆ بێتە پێش، چونکە خۆی سێ حاڵەتی هەیە، حاڵەتی ئۆتۆماتیك بەبێ ئەوەی کە تۆ دەست بە هیچ شتێك بەری پەیوەندییەکە دادەمەزرێنێ. سپیکەری ناوبراو دەکرێت لە یەك کاتدا لەگەڵ دوو مۆبایل پەیوەند بدرێت، کێشەی نەمانی شەحنیشی نییە چونکە بەهۆی سەیارەکەوە شەحن دەبێتەوە.